# ئینجیل بۆ منداڵان

# کاتێك خودا هەموو شتێکی درووست کرد



نوسراوە لەلایەن: Edward Hughes
ڕوونکراوەتەوە لەلایەن: Byron Unger; Lazarus
Alastair Paterson
ڕێکخراوە لەلایەن: Bob Davies; Tammy S.
وەرگێڕدراوە لەلایەن: christian-translation.com
بەرهەم هێنراوە لەلایەن: Bible for Children
www.M1914.org

BFC
PO Box 3
Winnipeg, MB R3C 2G1
Canada

©2020 Bible for Children, Inc.
مۆڵەت: تۆ مافی ئەوەت هەیە کە ئەم چیرۆکە پرێنت یاخود کۆپی بکەیت، بەو پێیەی کە تۆ نەیفرۆشیتەوە بە پارە.



کێ ئێمەی درووست کرد؟  ئینجیل، ووشەکانی خودا، پێمان دەڵێت کە چۆن مرۆڤایەتی دەستی پێکردووە.  لەدێرزەماندا، خودا یەکەمین پیاوی درووستکرد و ناوی لێنا ئادەم.  خودا ئادەمی لەو زەوییە تەپوتۆزاوییە هێنایە دەرەوە.



کاتێك کە خودا ژیانی بە ئادەم بەخشی، ئەو دەستی بەژیان
کرد.  ئەو لە باخێکی زۆر جوان خۆی بینییەوە کە بە
بەهەشتی عەدەن ناودەبرێت.



3

پێش ئەوەی کە خودا ئادەم درووست بکات، دنیایەکی
جوانیشی درووستکرد و پڕی کرد لەشتی زۆر جوان و
سرنجڕاکێش.



4

هەنگاو بە هەنگاو خودا مێرگ و بەرز و نشێوی،
گوڵی بۆنخۆش، درەختی بەرز، باڵندەی جوانی پەڕدار و
هەنگی گیزەگیزکەر،و نەهەنگی خۆفڕێدەر و لولپێچی خۆش
خشێنەر.  لەڕاستیدا، خودا هەموو شتێکی خەلق کرد،
هەموو شتێ.



5

هەر لەسەرەتاوە، پێش ئەوەی خودا هیچ
شتێك درووست بکات، هیچ شتێك
بوونی نەبوو جگە لە خودا.  نە
خەڵك، نە شوێن، نە هیچ شتێك.
هیچ شتێك.  هیچ ڕۆشناییەك
و تارکییەك بوونی
نەبوو.  هیچ بەرزی و
نشێوییەك نەبوو.  دوێنێ و
سبەینێ نەبوو.  تەنها خودا
بوونی هەبوو کە ئەو سەرتای نییە.  ئێتر
خودا دەستی پێکرد! لەسەرەتادا، خودا
بەهەشتەکان و زەوی درووست کرد.



6

و زەوی شێوەی نەبوو و
بەتاڵیش بوو.  و تاریکی
لە ناوجەرگەی
قوڵاییەکاندا بوو.
ئێتر خودا قسەی
کرد.  گوتی
"با ڕۆشنایی
هەبێت."



7

و ئێتر ڕۆشنایی درووست بوو.  خودا ڕۆشناییەکەی ناونا
ڕۆژ و تاریکیەکەشی ناونا شەو.  و ئێوارە و بەیانییەکە
یەکەم ڕۆژ بوون.



8

له ڕۆژی دووهەمدا، خودا ئاوی هێنایە ناو دەریاکان، ڕووبارەکان و جۆگەکان لەژێر فەرمانی بەهەشتدا. لە ڕۆژی سێهەمدا، خودا گوتی، "بهێڵە با خاکە وشەکانییەکان درووست ببن." و ئیتر ڕوویدا.



9

دواتر خودا ئەمری بە گیا و گوڵ و دەوەن و درەختەکان کرد کە دەربکەون. و ئەوان دەرکەوتن. و ئیوارە و بەیانییەکە سێیەم ڕۆژ بوون.



10

دواتر خودا خۆر و مانگ و دنیایەك ئەستێرەی درووستکرد کە هیچ کەس ناتوانێ بیانژمێرێت. و ئیوارە و بەیانییەکە چوارەم ڕۆژ بوون.



11

مەخلوقەکانی ناو دەریا و ماسی و باڵندەکان لە لیستی داهاتووەکانی خودا بوون. لە ڕۆژی پێنجەهەمیندا قرشی گەورە و ماسی باریك، نەعامە و باڵندەی جوانی جریوە جریوەکەری درووست کرد. خودا هەموو جۆرێك ماسی درووستکردو ئاوی زەوی بۆ تێکردن و هەموو جۆرە باڵندەیەکی درووستکرد بۆ ئەوەی لە زەوی و دەریاو ئاسمانەکاندا بفڕن. و ئیوارە و بەیانییەکە پێنجەمین ڕۆژ بوون.



12

دوای ئەوە، خودا دوبارە قسەی کردەوە. وتی، "ڕێگە بدە زەوی مەخلوقە ژیاوەکانی چوارەم بهێنێت. . ." هەموو جۆرە ئاژەڵێك و مێروویەك و خشۆکێك هاتنە بوون. لەوێ فیلی زەوی لەرزو سمۆرە مەشغوڵەکان هەبوون. مەیمونە هاروهاجەکان و تیمساحە هەڵشەکان. کرنە لیقەکان و سمۆرە نەگریسەکان. زەرافە پێدرێژەکان و پیشلە میاوکەرەکان. هەرجۆرە ئاژەڵێك ئەو ڕۆژە لەلایەن خوداوە درووستکرا.



13

و ئیوارە و بەیانییەکە شەشەمین ڕۆژ بوون.



14

خودا لە شەشەمین ڕۆژدا شتێکی تری کرد - شتێکی زۆر شاز. ئێستا هەموو شتێك ئامادە بوو بۆ پیاو. لەوێ خواردن هەبوو لەگەڵ ئاژەڵ بۆ خزمەتکردنی ئەو. ئیتر خودا وتی، "با پیاوێك درووست بکەین لە وێنەی خۆماندا. ڕێگەی دەدەین ببێتە گەورەی هەموو شتێك لەسەر زەوی." ئیتر خودا پیاوێکی درووستکرد لەسەر وێنەی خۆی؛ لەسەر وێنەی خودا ئەوی درووست کرد...



15

خودا قسەی بۆ ئادەم کرد. "هەر شتێك بخۆ لە باخچەکەدا کە حەزت لێیە. بەڵام لەو درەختە مەخۆ کە زانستی باش و خراپی تێدایە. ئەگەر تۆ بێت و لەو درەختە بخۆیت و ئەوە بە دڵنیاییەوە دەمریت."



16

و خودای گەورە فەرموی، "ئەوە باش نییە کە پیاو بە تەنها بێت. من یارمەتیدەرێکی بۆ درووست دەکەم." خودا هەموو باڵندەکان و گیانەوەرەکانی هێنا بۆ ئادەم. ئادەم ناوی هەموویانی نا. ئەو دەبێت زۆر زیرەك بووبێت بۆ ئەوەی ئەوە بکات. بەڵام لە ناو هەموو گیانلەوەر و باڵندەکاندا هیچ هاوبەشێکی شیاو نەبوو بۆ ئادەم.



17

خودا ئادەمی خستە خەوێکی زۆر زۆر قوڵەوە. یەکێك لە پەراسوەکانی پیاوەکەی هێنایە دەرەوە، خودا ژنێکی شێوە کرد لە پەراسووی ئادەمەوە. ئەو ژنەی کە خودا درووستی کرد بەتەواوەتی شیاو بوو بۆ ئەوەی ببێتە هاوەڵی ئادەم.



18

خودا هەموو شتێکی لە ماوەی شەش ڕۆژ درووست کرد. دواتر خودا حەوتەمین ڕۆژی پاراست و کردی بە ڕۆژی پشوو. لە باخچەی بەهەشتی عەدەن، ئادەم و حەوای خێزانی ژیانێکی زۆر خۆش و تەواویان هەبوو لە گوێڕایەڵی کردنی خودا. خودا گەورەیان بوو، سەرچاوەیان بوون و هاوڕێیان بوو.



19

کاتێك خودا هەموو شتێکی درووست کرد

چیرۆکێك لە قسەی خوداوە، ئەم ئینجیلە،

دۆزراوەتەوە لە

بنەڕەتی1-2

"چونە ژوورەوەی ئەو ووشانەی کە ڕۆشنایی دەبەخشێت." پسالم 130:119

20

# کۆتایی



1

60



ئەم چیرۆکی ئینجیلە پێمان دەڵێت دەربارەی خودا
سەرسوڕهێنەرەکەمان کە ئەو وای لێکردوین و دەیەوێت کە بیناسیت.

خودا دەزانیت کە ئێمە شتی خراپمان کردووە، کە ئەو پێی دەڵێت تاوان. سزای تاوان مردنە، بەڵام خودا زۆر تۆی خۆشدەوێت، ئەو تاکە کوڕەکەی ناردووە، عیسا، بۆ ئەوەی بە لە خاچدان بمرێت و سزابدرێت لەبەر تاوانەکانت. دواتر عیسا گەڕایەوە بۆ ژیان و گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بۆ بەهەشت! ئەگەر باوەڕت بە عیسا هەیە و داوای لێبکە کە لە تاوانەکانت خۆش ببێت، ئەو لێت خۆش دەبێت! ئەو ئێستا دێت و لەناو تۆدا دەژی، و تۆ بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ ئەو دەژیت.

ئەگەر بڕوات وایە کە ئەمە ڕاستییەکەیە، ئەمە بڵی بۆ خودا:
عیسای بەڕێز، بڕوام وایە کە تۆ خودایت، و دەبیتە ئەو پیاوەی کە بمریت لە پیناو تاوانەکانمان، و ئێستا تۆ دوبارە دەژیتەوە. تکایە وەرە ژیانمەوە و لە گوناهەکانم خۆش ببە، لەبەرئەوە ئیتر دەتوانم ژیانێکی تازەم هەبێت، و ڕۆژێك دێت کە بۆ هەتا هەتا لەگەڵ تۆ بم. یارمەتیم بدە کە گوێ ڕایەڵیی تۆ بکەم و بژیم بۆ تۆ وەکو منداڵێکت. ئامین

ئینجیل بخوێنەوە و قسە لەگەڵ خودا بکە هەموو ڕۆژێك! جۆن 16:3